# راستی، درۆ یان ناراستی لە کەناڵە ئاسمانیە عەرەبیەکاندا

کاوە یار

هاوکێشەی راست و درۆ یەکەم وانەی ژیانە، کە لە منداڵیەوە رووبەرووی دەبینەوە. هەر لە سەرەتای پەیبردنمانەوە بە دەوروبەرمان رووبەرووی داواکاریەکی سەرسەختی باوانمان دەبینەوە. کە درۆ نەکەین. ئەم مەسەلە تەمومژاویە هەر لە بێشکەوە تا ناو گۆر بەردەوام سەرچاوەی فشارێکی دەروونی سەختە بۆ سەر ئێمەی مرۆڤ. چونکە ناسینەوەی درۆ پێویستیی بە ناسینی راستی هەیە. وە پەیبردن بە راستیەکان پێویستیی بە هەوڵ و کۆششی بەردەوام هەیە. ئەم کارەش لە خۆیدا ئەرکێکی ئاسان نیە، چونکە هاوکێشەی راستی و درۆ نەگۆر نیە، هەروەها نرخی ئەم دوو جەمسەرەی هاوکێشەکە، واتە راستی و درۆ رەها نین. بەڵکو ئەمانە لە گۆرانێکی بەردەوامدان. تەنانەت ئەگەر ناشارەزایەکیش چاو بە دەوری خۆیدا بگێرێت، دەبینێت چەندها دابونەریتی کۆمەڵایەتی هەن، کە لەسەردەمێکدا مرۆڤیان لەسەر کوژراوە، کەچی لە سەردەمێکی یاخود لای کۆمەڵگایەکی دیدا هیچ نرخێکی ئەوتۆیان بۆ دانەنراوە. لێرەدا بۆمان دەردەکەوێت، کە ئەم هاوکێشەی راست و درۆیە زیاتر پەیوەندیان بە کۆمەڵگاوە هەیە تا تاکە نەفەر وە هەموو کۆمەڵگایەکیش قەوارەیەکی کولتوری و سیاسیی تایبەت بە خۆی هەیە، کە دەبێتە سەنگی مەحەك بۆ نرخاندنی هەموو بێژەیەك. بۆ نموونە هەموو خەڵکی کوردستان دەزانن، کە ماست سپیە و لەبەر ئەوە بێژەی "ماست رەشە" دەخەنە خانەی درۆوە. چونکە لەوێ کەس ماستی رەشی نەبینیوە. بەلام لە بواری میدیادا مەسەلەکە زۆر لەوە ئاڵۆزترە. چونکە نە دانیشتوانی کوردستان، و نە میدیاکان نایانەوێ کاتی خۆیان بە زانیاریی ئاوا ئاسان و بێسوودەوە بکوژن. مێدیاکان لە پێشبرکێیەکی سەختدان و هەمویان بەڵێنی ئەوە دەدەن، کە نوێترین و دوورترین هەواڵ بگەیەننە جەماوەری تینوو بە هەواڵە جۆراوجۆرەکانی جیهان. بەرامبەر بەوە، دەبێ جەماوەر لەلایەن خۆیەوە بەڵێنی ئەوە بدات، کە ببێت بە هاورێی بەردوام و نەگۆری ئەو دەزگای راگەیاندنە.

دەبینین لێرەدا ناوی دەزگای راگەیاندن هاتە ناوانەوە، ئەم دەزگایانە بەشێکن لە دیاردەکانی کۆمەڵگای شارستانی. لە سەردەمی جیهانگیری و لە کۆمەڵگای نوێدا کەس بە دەنگوباسی دیوەخان رازی نیە. مرۆڤ هەردەم بۆ دەرەوەی سنووری ناوچەکەی خۆی دەروانێت. جا لەبەر ئەوە چەند دەزگایەکی کۆمەڵگا خۆیان تەرخان کردووە بۆ گەیاندنی راستیەکان. واتە کاری ئەمانە گەیاندنی هەواڵە بە مرۆڤەکانی کۆمەڵگا. ئەمەش یەکێکە لە دەستکەوتە گرنگەکانی شارستانیەت. جا لەم بوارە گرنگەدا، گەیاندنی زانیاری بووەتە پیشە. نوچەڤان وەکو پیشەکارێك هەست بە بەرپرسیارێتی خۆی دەکات و دەکۆشێت بە بەکارهێنانی تەکنیکی نوێ و بە زمانی پاراو کارەکەی خۆی لە ئاستێکی بەرزدا راگرێت، بۆ ئەوەی وەرگر زانیاریەکانی ئەو جیابکاتەوە لە بەستە و باڵۆرەی مەجلیسی لاکۆلان. وەرگریش لەلایەن خۆیەوە بروا و متمانە دەبەخشێت بە نوچەڤان، چونکە ئەو وەکو لایەنێکی جڤاکی (رەسمی) دەدوێت و ناتوانێت بە ئاشکرا و لەبەردەم ئەو هەموو جەماوەرەدا، کە پەیڤی ئەو دەبیستن یاخود گوتاری ئەو دەخوێننەوە درۆ بکات. واتە مێدیاکان بەهۆی جڤاکی بوونیانەوە هەر لەسەرەتاوە تا رادەیەك باوەر و متمانەی جەماوەریان مسۆگەر کردووە. هەروەها ئەو راستیەی کەوا میدیاکان سەرچاوەی زانیارین، دەیانکات بە خاوەنی دەسەلاتێکی بێسنوور. چونکە توانای گەیاندنی زانیاری خۆی لەخۆیدا شێوەیەکە لە دەستەبەرکردنی دەسەلات. بێ سۆنگە نیە کەوا لە ئەفسانەکاندا هەروەها لە زۆر رۆماندا پیرەژنێکی دنیادیدە دەسەلاتی هەیە بەسەر رەفتار و بریاری پیاوانی خێڵەکەی خۆیدا. یاخۆد لە هەزار و یەك شەوەدا کیژێکی وەکو شەهرەزاد بەچیرۆکەکانی شەوانەی سولتانێکی خوێنرێژ مالی دەکات و خۆی و هاورەگەزەکانی خۆی لە مردن رزگار دەکات.

ئەلبەتە دەبێ رەچاوی ئەوە بکەین، کە مەسەلەی راگەیاندن بوارێکی هێند بەرینە، کە لە نووسینێکی ئاوادا بەسەرناکرێتەوە، چونکە ئێمە دەزانین کە تەنانەت تابلۆیەکی شێوەکاریش لە خۆیدا بریتیە لە میدیایەکی ناردنی زانیاری، بۆیە من لێرەدا خۆم پابەندی یەك بابەت دەکەم، ئەویش بریتیە لە مەسەلەی کاری پەخشکردنی دەنگوباسە لەلایەن کەناڵە ئاسمانیە عەرەبیەکانەوە. ئەو کەناڵانە لەم دواییەدا کۆمەڵێك پرسیاریان لەلای بینەری کورد وروژاندووە. زۆربەی ئەو پرسیارانە بەم شێوەیەن ! ئایا مەبەستی کەناڵە ئاسمانیە عەرەبیەکان لە گەیاندنی هەواڵ تێگەیاندنی وەرگرە یاخود وروژاندنی هەستی نەتەوایەتیی ئەو. ئایا ئەوان بۆ هۆشی مرۆڤی عەرەبزمان دەدوێن یاخود بۆ سۆز و عاتیفەی ئەو؟ ئایا گریانی ئەوان بۆ منداڵی عێراقە یاخود بۆ روخانی یەکێك لە قەڵاکانی شۆڤێنیەتی عەرەبی؟ لێرەدا جێی خۆیەتی، کە من بۆ وەلامی ئەم پرسیارانە پەیڤێکی هەواڵنێری ئەبوزەبی بێنمەوە، کە لە کاتی رووخانی پەیکەرەکەی سەددامدا دەیگوت. "من نازانم چی روویداوە، خەڵکەکە بایانداوەتەوە، لەوە دەچێت لێرە بیروباوەر وەکو چاکەت لەبەر بکرێت و بگۆردرێت. " جا هەواڵنێرێك لەناو گەلەکەل خۆیدا و لە ناو هاوزمانانی خۆیدا بێت و ئەوجا ئەوەندە لە باری کۆمەڵایەتیی و سیاسیی وڵاتێکی وەکو عێراق گەیشتبێت، ئیدی چاوەرێی چیی لێدەکرێت؟ ئەو هەواڵنێرە گوناهە هێشتا درکی بەوە نەکردووە، کە ئەو خۆی تا ئەو ساتەووەختە، بەهەڵەدا چووە،

بەلكوو گلەیی لە خەلكەكە هەبوو چونكە "بایانداواتەوە". جا ئیدی دەبیٚ بینەریٚكی عەرەب چسووديٚك لە هەموو لیٚكۆلینەوە و تویٚژینەوە ستراتیجژیەكانی ئەو ببنیٚت. بەلای منەوە نەگبەتیەكە تەنها لەوەدا نیە كە جەنابی هەوالنیٚر بەهەلەدا چووبوو، بەلكو لەوەدایە، كە ئەو تەنانەت هەستیشی بە بەهەلەداچوونەكەی خۆی نەكردووە.

شیٚوەی بابەتیانەی گەیاندنی هەوال خۆی لە راستیدا كرۆكی كاری راگەیاندن پیٚكدیٚنیٚت. ئەویش بەوە دەست پیٚدەكات، كە هەوالەكە بەبیٚ رتوشكردن بخویٚندریٚتەوە و نیشان بدریٚت. دوای ئەوە رای لایەنە دژبەرەكان، بۆ نموونە رای ئەلسەحاف و رای بروكس بەرامبەر یەك بكریٚنەوە و گویٚ لە راگەیاندنی هەوالنیٚر لە ناوچەی رووداودا بگیریٚت. بەو شیٚوەیە دەبیٚ وەرگر ئازادیی تەواوی هەبیٚت لە وەرگرتنی زانیاریەكە. خۆ ئەگەر بیٚژەر یاخود لیٚكۆلەرەوە یان هەر میوانیٚكی بەرنامە روونكردنەوەیان هەبیٚت، ئەوە دەبیٚ لە دەرەوەی دەنگوباسەكەوە پیٚشكەش بكریٚن. دەبیٚت هەوالنیٚر و نوچەڤان لەسەرەتاوە بیٚلایەنیی خۆیان راگەییٚنن. چونكە گرنگترین كاری ئەوان بیٚلایەنیە و ئەمە بەشیٚكە لە مەرجەكانی ئەم پیشەیە. هەروەها دەبیٚ هەلبژاردنی ویٚنە و پاشەنگ (فلاشباك) لە خزمەتی بابەتەكەدا بیٚت. ئەلبەتە مەسەلەی بیٚلایەنی خۆی لە خۆیدا ریٚژەییە و كەسیش داوا لە هیچ میدیایەك ناكات، كە لەسەداسەد بیٚلایەن بیٚت، چونكە ئەم شتە خۆی مەحالە و مرۆڤیش لەرووی بۆچوون و خەلفیەی رۆشنبیریانەوە جیاوازن. بەلام ئەم راستیەش نابیٚت بیانوو بداتە دەست هیچ میدیایەكەوە كە بە شیٚوەیەكی سیستەماتی و بیٚئابروانە درۆ بكات یان هەوالی راست بپەریٚنیٚت، كورتی بكاتەوە یان بە شیٚوەیەكی نا دیار بیگلمیٚنیٚت. جا چونكە كاری هەموو هەوالنیٚر و نوچەڤانیٚك گوتنی راستیە، كەواتە بیٚدەنگ بوونی ئەوان لە ئاستی راستیدا هەر بە درۆ لەقەلەم دەدریٚت. ئازادیی دەربرینی بیرورا و زۆربوون و هەمەلایەنەبوونی هۆكانی راگەیاندن یەكیٚكە لە كۆلەكەكانی دیموكراسیەت لە كۆمەلگای شارستانیی نویٚدا، چونكە پیٚشبركیٚی نیٚوان دەزگاكانی بلاوكردنەوە مایەی ئەوەیە كە وەرگر بەلای كەمەوە ماوەی هەلبژاردن و دۆزینەوەی راستیی بۆ برەخسیٚت. بەلام ئازادیی دەربرین هیٚشتا واتای ئەوە نیە، كە ئیدی جیهان دەبیٚت بە ئاویٚنەی بیٚگەرد و راستی وەكو خۆر بەئاسمانەوە دەبیٚت. بەلكو سوودی ئەوەی هەیە، كە رۆشنبیران و هونەرمەندانی كۆمەل ماوەی ئەوەیان دەبیٚت ئازادانە و بەبیٚ ترس و بەبیٚ كۆسپ بەدوای راستیدا بگەریٚن. جا نەك هەر لە مەر خۆمان، بەلكو لە رۆژئاواشدا راستی لای ئەو كەسەیە، كە بەدوایدا دەگەریٚت. ئەگینا لە بازاری میدیای هەرزاندا، راستی لە خوداوەند كەساسترە. ئیٚمە دەبینین كە تەنانەت لەناو جەرگەی دیموكراتیەتی ئەورووپاشدا شیٚوە ریٚكەوتنیٚكی نهیٚنی هەیە لە نیٚوان نوچەڤانی مشەخۆر و وەرگری تەوەزەلدا. نوچەڤان شەرم لەكەس ناكات و بەهەوەسی خۆی درۆ دەكات و تەوەزەلیش لەلایەن خۆیەوە قەت میٚشك سەرف ناكات و بەدوای راستیدا ناگەریٚت، چونكە ئەو خۆی ئیدمانی لەسەر یەك جۆر راستی كردووە و تەنها گویٚ لەو هەوالانە دەگریٚت كە بە دلی ئەون، یان ئەو راستیە دەخویٚنیٚتەوە، كە حیزبەكەی یان ئاینەكەی ئەو بۆی فەراهەم دەكات. ئیدی مەسەلەی دیموكراسی و ئازادی بیرورا هیچ سوودیٚكیان نیە بۆ ئەو.

میدیای نویٚ و بەتایبەتی كەنالە ئاسمانیەكان شیٚوازیٚكی درر و ڤیرسیچمەیان هەیە لە راگەیاندندا، ئەلبەتە ئەمە خۆی خەسلەتیٚكی میدیای بینراوە كە هیٚرشبەر و درره لە گەیاندنی زانیاریدا. ئەم كەنالانە ریٚ بە بینەر نادەن خۆی بە ئەندیٚشە ویٚنەیەك بۆ رووداو بكیٚشیٚت، بەلكو ویٚنەی خۆیانی بە سەردا دەسەپیٚنن، تەنانەت كار گەیشتۆتە ئەوەی، كە ئەم دەزگایانە كامیرای خۆیان دەنیٚرنە بەرەكانی پیٚشەوەی جەنگ و بە ویٚنە وردەكاریەكانی رووداو نیشانی بینەر دەدەن و پیٚی دەلیٚن كە چۆن بۆمبەكان دەتەقنەوە و چۆن مرۆڤ خەلتانی خویٚن دەبیٚت. واتە هۆشی بینەر دەكەنە ئەلبومیٚك و هەلبژاردەی ویٚنەكانی كامیراڤانی خۆیانی تیٚدا ریز دەكەن. بینەریش هەر ئەوەندەی لەسەرە بەرامبەر بە تەلەفیزیۆن چاو داچەقیٚنیٚت و خۆی بخاتە ژیٚر ركیٚفی كەمیراڤان، لیٚكۆلەرەوە، دەرهیٚنەر و تەكنیكیەكانی تری كەنالە ئاسمانیەكەوە. ئەوانیش بە ئارەزووی خۆیان وەریدەگرن و لە پشت دیٚوجامەكانیانەوە بە نویٚترین تەكنیكی راگەیاندن چاو و میٚشك و دەروونی ئەو سیخناخ دەكەن بە زانیاریی هەلە، بە درۆی داپۆشراو. لەكاتیٚكدا لیٚكۆلەرەوە دەدویٚت لە تەنیشتیەوە ویٚنەی مۆمبابارانی بەغداد نیشان دەدریٚت لەگەل ئەمانەشدا لە ژیرەوە بە نووسین بەردەوام زانیاری نویٚ رادەگەیەندریٚت. لەژیٚر لافاوی ئەو هەموو زانیاریەدا بینەر دەكەویٚتە پەلەقاژیٚ و لە ژیٚر فشاریٚكی دەروونیدا تووشی حالەتیٚكی بیٚدەسەلاتی و بیٚچارەیی دەبیٚت. چونكە ئەو بەردەوام گویٚدەگریٚت كەچی فریا ناكەویٚت، ئەو بەردەوام ترسی ئەوەی هەیە شتیٚكی لەدەست بچیٚت. مندالیٚك دەنگیٚكی لیٚوەبیٚت دەڤیژیٚنیٚت بەسەریدا. نابیٚ كەس قسە بكات چونكە ئەو دەخوازیٚت هەموو شتە گوتراو، نووسراو و بینراوەكان وەرگریٚت، نازانیٚت كە لەم ململانیٚیەدا ئەو خۆی بەتەنهایە. ئەو تەنها یەرامبەر بە یەك دەستەی پسپۆری راگەیاندن دانیشتووە. نازانیٚت كە ئەو پسپۆرانە لە دەزگایەكی مەزندا باشترین تەكنیكی دەرهیٚنان و مۆنتاژیان لەبەردەستدایە، ئەوانە دەتوانن بە بەكارهیٚنانی دەنگ، دیمەن، ریتم و مۆسیقا بە هاوكاریی پاشەنگی (فلاشباك) ویٚنە و دەنگ، بە بەكارهیٚنانی مۆنتاژ ئەو مانایە بگەیەنن، كە ماست رەشە، بەبیٚ ئەوەی ناوی ماست بیٚنن. ئەوان پیشەوانی كارامەن و دەتوانن هۆش و سۆزی بینەری كۆت بكەن. تەنانەت بینەری زۆر شارەزاش فریای دۆزینەوەی داوەكانیان ناكەویٚت. من لیٚرەدا دەكۆشم چەند نموونەیەك بخەمە روو، بەلام لەسەرەتاوە دەلیٚم، كە من خۆم بە شیٚوەیەكی گشتی كەم تەماشای تەلفیزیۆن دەكەم و ئەو ماوە كەمەشم

ترخان کردووه بۆ کەناڵە کوردیەکان، ئەلبەتە نەك لەبەر ئەوەی ئەوانە باشترن، بەڵکو هەر لەبەر ئەوەی کە من لەم هەندەرانەدا زیاتر پێویستیم بە بیستنی ستران و مۆسیقای کوردی هەیە.

١. دوای ئەوەی بێژەری ئەلجەزیرە باسی ئەوە دەکات، کە لە بەغداد ژمارەیەکی زۆر هاوڵاتی بە بۆمبی هاوپەیمانان برینداربوون، بەبێ هەڵوێستە کردن دەچێتە سەر باسی ئەو کوردانەی کە لە کفریدا بریندار بوون. لەهەمان کاتدا وێنەی بریندارەکانی کفری نیشان دەدرێن. واتە گەر بینەرێك ئاگای لە وەزعی کوردستان نەبێت، ئەوا ناتوانێت بزانێت کە ئەمانە بە تۆپی بەعس بریندار بوون، چونکە بێژەر ـ نوقتە سەری دێر=ێك دەپەڕێنێت و ناوی سوپای بەعسیش نابات. ئەم شتە تەنانەت بەسەر بینەری کوردیشدا تێپەر دەبێت، چونکە ئەو خۆی لەژێر فشاردایە و ئەو لەم حالەتەدا یەکسەر لە وریایی و لە توانای بیستنی خۆی دەکەوێتە گومانەوە، نەك لە مەبەستی ژەهراویی کەناڵەکە.

٢. دەربارەی بەکارهێنانی دیمەن وەکو پاشەنگ نموونەیەکی گرنگ دێنمەوە! کاتێ کە پاپا بڕیاری سەردانی سووریای ڕاگەیاند، کەناڵی ئەلجزیرەش ئەم هەواڵەی باسکرد، باڵام ئەو لە کاتی هەواڵداندا دیمەنێکی زۆر سەیری کردە پاشەنگ. لە جیاتی نیشاندانی کڵێسایەك، خاچێك، یان هەر شتێکی گونجاو بۆ ئەو هەواڵە، پاشووی ژنێکی زۆر قەڵەوی نیشاندا. کە بە یەکێك لە کۆڵانە تەنگەکانی شامدا دەڕوات. کۆڵانەکە هێند تەنگ بوو، کە پاشووی ژنەکە بەحاڵ جێی دەبووەوە تیایدا و هاوتا لەگەڵ ئەمەدا تەکنیکی درایڤ، واتە بەرەوپێشەوە چوونی خێرای کامیرا، بەکار هێنرا بۆ دروستکردنی هەستی خنکان و ڕێلێگیران لەلای بینەر. هەروەها نموونەی بەکارهێنانی دەنگ وەکو پاشەنگ زۆرە. ئەلجەزیرە بۆ هەواڵی برینداربوونی منداڵ و ژن بەردەوام ناڵەی تۆپ و فڕۆکەی هاوپەیمانانی بەکار دەهێنا، یان بەدوای زریکەی کۆرپەیەکدا ناڵەی تۆپ دەهات.

٣. دەربارەی بەکارهێنانی هەڵبژاردنی دیمەن و تەکنیکیی سینەمایی وەکو دیمەنی نزیك و کلۆزئەپ، نموونەیەکی کەناڵی ANN دێنمەوە کە لەمەیانەی باسکردنی کوژرانی بەرزان تکریتیی زربرای سەددامدا دیمەنێکی دووری بەرزان پیشان دەدرێت. لەگەڵ باسکردنی ئەوەی کە بەرزان دوورخراوەتەوە لە دەسەڵات وێنەی ئەو نزیك دەکرێتەوە کە لچی تەتەڵە دەکات، دوای ئەوە دەنگی مۆسیقا سەردەکەوێت و دیمەن دەگۆڕێت. واتە بە وێنە ڕادەگەیەنرێت، کە لەو شەرەدا دەست لەکەس ناپارێزرێت و بەرزانی بەستەزمانیش کوژرا.

٤. کەناڵی ئاسمانی کوەیت بە هۆی هەندێ هەڵەی سادە و ناشارەزاییەوە زوو کەوتە ژێر ڕکێفی سۆز و عاتیفەی کارمەندانی خۆیەوە. ئەو بە ئاشکرا کردنی لایەنگیریی خۆی بۆ لایەنێك، هەر زوو متمانە و باوەری زۆرینەی بینەری عەرەبی دۆڕاند، کەچی لەگەڵ ئەوەشدا ئەو هێشتا لە زۆربەی کەناڵە عەرەبیەکان ڕاستگۆتر بوو. ئەو زۆر بابەتیانە بۆ مەسەلەکە دەچوو و لێکۆڵینەوەکانیشی لە زۆربەی کەناڵەکانی دی بابەتیتر بوون. ئەم مەسەلەیەش، واتە باڵادەستیی درۆ و کەساسیی ڕاستگۆ، خۆی لەخۆیدا یەکێکە لە پارادۆکسەکانی کۆمەڵگای عەرەبی.

بەشێوەیەکی گشتی هەموو کارمەندانی ئەو کەناڵە عەرەبیانەی، کە من جارجارە تەماشام کردوون، بەدوای پیشەی خۆیانەوە نەبوون. ئەوانە هەولیان داوە بەهۆی درۆ و شاردنەوەی ڕاستیەوە هەندێ خەون و حەز و حقدی تایبەتیی خۆیان گەر بۆ ساتەوەختێکیش بێت بکەن بە ڕاستییەکی بینراو، یاخود هەر بیخەنە بریی ڕاستیەوە. بەلام ڕاستیەك، کە ئەوان خۆشیان باوەریان بە بوونی نیە. لەم نێوانەدا تاقە دۆڕاویش، تەنها بینەری عەرەبە. ئەلبەتە بینەری کورد هەستیان بە هەندێك شت کردووە، بۆیەشە لەلای خۆیانەوە کەوتونەتە پروپاگەندەی ئەوەی کە گوایە الجەزیرە پارەی لە سەددام وەرگرتبێت، بەلام ئەوە ڕاست نیە، بەڵکو ڕاستیی مەسەلەکە ئەوەیە، کەوا بیروڕای شۆڤێنیی عەرەبی هەردوولا، واتە بەڕێوبەرانی ئەلجەزیرە و کارمەندانی بەعس لە یەك سەنگەردا کۆدەکاتەوە. ئەو دوو لایەنە هاوسەنگەرە خۆیان لە شەڕێکی سەخت و ئینتیحاریدا دەبیننەوە بەرامبەر بە دوژمنی سەرەکیان. ئەوان دەخوازن بە هەموو نرخێك زیان بە هێزی هاوپەیمانان بگەیەنن، ئیدی گرنگ نیە، گەر تەر و وشك پێکەوە بسووتێت. ئەوان لەو شەڕی مانونەمانەدا گوێ نادەنە بینەری عەرەب و هیچ نرخێك بۆ ئەو دانانێن، لەبەر ئەوە بێپەروا درۆی لەگەڵدا دەکەن و بەو شێوەیە سووك و ڕیسوای دەکەن. ئەگینا دەبێ ئەو کارمەندانەی کەناڵە ئاسمانیە عەرەبیەکان، و بەتایبەتی ئەوانەی ئەلجەزیرە شەرم لە خۆیان بکەن و تەریق ببنەوە، کە دەبینن زۆربەی ئەو بینەرە عەرەبانەی، کە لە وڵاتەکانی ئەوروپاوە تەلەفۆنیان بۆ دەکەن، تا ئەو ڕادەیە ناحالین و نائاگان لە بارودۆخی براعەرەبەکانیان لە عێراق. چونکە ئەو بێئاگاییە و ئەو نەهامەتیەی کە بینەری عەرەبی تێیدایە، بەرهەمی کاری ڕاگەیاندنی چەواشەی ئەوانە. ئەوان لە جیاتی ئەوەی دەزگاکەیان بکەنە سەکۆیەکی ئازاد بۆ ڕۆشنبیری عەرەبزمان، سەری کۆڵان و چایخانە پەڕپوتەکان دەگەڕێن بەدوای کۆلکە نوسەرێکی مشەخۆردا، کە لە بەردەم بینەری عەرەبدا داگیرکردنی کوەیت حەلال بکات و سەدام بە بسمارك و بە سەلاحەدینی ئەیوبی بشوبهێنێت.

ئەوی راستی بێت بەدبەختی براعەرەبەکان زۆر لەوە مەزنترە کە ئێمە ئەندێشەی دەکەین. لای ئەوان شێوەیەك لە داخران و قفولبوونی کۆمەلگاکەیان بووە بەهۆی بالادەستبوونی بیری شۆڤێنیەت. ئەو بیروباوەرە بەشێوەیەکی بەرچاو تەشەنەی کردووە و دەستی گرتووە بەسەر دەزگای رۆشنبیریی عەرەبیدا و ئەوەش دیسانەوە بۆتەوە بە مایەی داخراوەیی زیاتری کۆمەلگاکەیان. ئاکامی ئەم هاوکێشەیەش تەنها زیانی نەتەوەی عەرەبە. ئێمەی کوردیش دەبێ بە هۆشەوە ئەو راستیانە ببینین و بکۆشین، کە لە هەلەکانی ئەوانەوە فێر ببین و خۆمان لە ئەدەبیاتی شۆڤێنیەت دورەپەرێز بگرین. دەبێ ماوە نەدەین هیییچ سەرکردەیەکی کورد سوود لە بلاوبوونەوەی نەریتی سەدام و سەدامچیەکان ببینێت و بەو شێوەیە خۆی و خۆشمان سووك و ریسوا بکات. دەبێ بکۆشین بۆ سوودبینین لە کرانەوەی کوردستان بەرەو جیهان و چەسپاندنی یاسایەکی شارستانی، کە ئازادی دەربرین و ئازادیی کاری سیاسیی بۆ مرۆڤی کورد دابین بکات.

ئەلمانیا.

تێبینی کوردستان نێت:

ئەم نووسینە دەربڕینی بیروبۆچونی خاوەنەکەیەتی، کوردستان نێت لەناوەڕۆکەکەی بەرپرسیار نییە.

www.kurdistannet.org کوردستان نێت